# بەرەو شێتی

مەنسورە عێزەدین
و: محەمەد عەبدوڵڵا



چاودێریی ژنە دراوسێکەمم دەکرد کە بە خێرایی بەرەو شێتیی هەنگاوی دەنا، بە هەمان سادەیی روویتێکردبوو، کە هەموو بەیانییەک لە بەردەم دەرگەی شوقەکەیدا کیسە خاشاکی دادەنا، بە هەمان کارامەیی لێنانی جۆرەها خواردن کە بەرامەی بەتامی دایدەپۆشیم، کاتێک بە بەردەم شوقەکەیدا تێدەپەڕیم، کە ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر شوقەکەی منەوە.

کاتێک گواستمەوە بۆ ئەو تەلارە، تێبینی هیچ شتێکی سەیر، یان تەنانەت نائاساییشم نەکرد لە بارەی ئەوەوە، ژنێک لە سەرەتای سییەکانی تەمەنیدا، ژنی ماڵەوە، چالاک، دایکێکی تەنیا، کەمێک لە سەرپەرشتی سێ منداڵەکەیدا زیادەڕۆیی دەکات، کە گەورەکەیان تەمەنی گەیشتووەتە نۆ ساڵان، وەک خۆی پێیڕاگەیاندم.

لەسەر پلیکانەکان بە دەممەوە پێدەکەنی، هەر کە چاوی پێمبکەوتایە، لەو کاتانەی بەرەو کارەکەم دەچووم یان لێوەی دەگەڕامەوە، دەنگی نزم و شێوازی ناسکی دەموچاوی بە شێوەیەک گونجاوبوو لەگەڵ کورتی باڵای و بچووکیی دەموچاویدا، هەرچەندە عەبای بەسەردا دەدا، بەڵام بێبەشی نەدەکردم لە پیاهەڵدانی لە بارەی شێوەی قژم یان جلە کورتەکانم یان تەنانەت بۆنەکەشم، دەیوت (تحفه)یە، بە شێوەی کەسێکی پڕ تاسە، بۆ پەیوەندی لەگەڵ کەسانیدیکەدا، چاوەکانی دەبریسکانەوە.

واڕاهاتبووم قسەکانی بە پارێزەوە وەرنەگرم تا لە دواییدا هەست بە تاوان نەکەم، هەر لە سەرەتاوە ویستم ماوەیەک لە نێوان خۆم و دراوسێکانمدا دابنێم، چونکە شێوازی ژیانم ڕێگەم پێنادات هیچ کاتێکم بە فیڕۆ بدەم لە هەوڵی پەیوەندی بەستن بە خەڵکانی تەواو لە خۆم جیاوازەوە، من بە لای ئەوانەوە ژنێکی ڕەفتار نامۆ بووم کە مامەڵەی لەگەڵ ماڵەکەی خۆیدا تەنیا وەک شوێنی خەوە، چونکە من لە سەعات یەکی دوانیوەڕۆوە دەڕۆیشتم و تا نزیکەی نیوە شەو نەدەهاتمەوە.

لای ئەوان نامۆ بوو ژنێک کە سیەکانی تەمەنی تێپەڕاندبێت، وەک من بە تەنیا بژی: نە مێرد، نە منداڵ، نە خزم و کەسوکار، بەڵام ئەم ژنە وادیاربوو کە ئارەزووی دەکرد ئەو شتانە وێڵ بکات کە دراوسێکان لە بارەی منەوە هەیانبوو.



مەنسورە عێزەدین

لە چاوەکانیدا جۆرێک لە تاسەم بەدیدەکرد بۆ پەیوەندی لەگەڵمدا، ئەوەم بۆ جیاوازی نێوانمان گێڕابووەوە، چونکە من لە بارەی ئەوەوە بەو کەسە نامۆیە دەچووم کە لە سەفەرێکی دووردا چاومان پێیدەکەوێت و تەنانەت وردترین نهێنیەکانیشمانی بۆ دەدرکێنین، چونکە دەزانین جارێکیدیکە نایبینینەوە.

ڕەنگە وەک نەریتی خۆم ئەمجارەش زیادەڕۆییم کردبێت لە لێکدانەوەی نیگاکانیدا بۆم، بەڵام دڵنیابووم کە ئەم ژنە کورتە باڵا دەموچاو نەرمە، شتێکی هەیەو دەیەوێت پێمبڵێت.

کاتێک گوێم لە هاوارە هیستریاییەکانی دەبێت کە توندوتیژی لەگەڵ منداڵەکانیدا دەنوێنێت، پاشان دەنگی لاڵانەوەی کە دوای کۆپلەیەک توندوتیژی رۆژانە دێت، تووشی سەرسوڕمانم دەکات، لەبەرئەوەی چۆن ژنێکی وا ئارام، جەستە لاواز، شێوە روون، کە هەر کات نا کاتێک لە سەر پلیکانەکانی تەلارەکە ڕووبەڕووی دەبمەوە، ئاوا دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی هیستریایی، کە سپێدەکانم بە شەڕە بەردەوامەکانی لەگەڵ منداڵەکانیدا، دەکاتە جەهەنەم و ناچارم دەکات زوو لە خەو هەڵبستم، تەنانەت لە رۆژانی پشووشدا؟

ئێستا بیرم نەماوە کەیبوو دەنگی بەرزی هەڵبڕی لەبەر دەم پلیکانەکانەوە بۆئەوەی بقیژێنێت و بانگی ژنی دەرگەوانەکە بکات، تا ئەوەی دەیخوازێت، لە دەرەوە بۆیبکڕێت، سەرباری ئەوەی لە ناو تەلارەکەدا ئامێری (ئەنتەرکۆم) هەبوو، کە دەیتوانی لە شوێنی خۆیەوە دانیشێت و بەئارامیی چی داوایەکی هەیە لەو ژنەی بکات.

بەزەییم بە ژنی دەرگەوانەکەدا دەهاتەوە کە گوێم لە دراوسێکەم دەبوو جنێوی پێدەداو بە پشتگوێخستن تاوانباری دەکرد، بەزەییم بە منداڵە هاروهاجەکانی دراوسێکەمدا- ئەوانەی هەرگیز نەمبینیبوون- دەهاتەوە کاتێک کە دایکیان سزای دەدان بە بەندکردنیان لە یەکێک لە ژوورەکانداو دەرگەی لە سەر دادەخستن، بێئەوەی گوێ بداتە پاڕانەوەیان، یان ئەو هاتوهاوارەی بە لێدانی بەردەوامی دەرگەکە دروستیاندەکرد.

واملێهاتبوو ئەقڵی ئەو ژنەم بە زەوییەکی (وشکەڵاتوو) دەچواند، کە بە هۆی بێئاوییەوە شەقار شەقار بووەو پاشان ئامێز بۆ ئاو دەگرێتەوە کە دایدەپۆشێت، ئاو ئەو شێتییەیە کە بە سەریدا دەکشێت بۆئەوەی ئەقڵی داپۆشێت و لە پشتیشەوە ململانێی دەکات.

هەرگیز نەمتوانیوە خۆم ڕزگاربکەم لە وێنەی زەوی تینوو کە ئاو بە سەریدا تێپەڕ دەبێت، هەر کاتێک کە لەسەر پلیکانەکان ڕووبەڕووی ژنەکە دەبوومەوە، یان کە گوێم لە دەنگی دەبوو کە بە هۆی قیژەی بەردەوامەوە ناجۆر بووو، بۆ ئەوەی هۆکانی بدەم بە ڕوودا، درزەکانم دەهاتە پێشچاو کاتێک ئاویان هەڵدەلوشی.

بەیانیەکیان تاسام بەوەی لە دەرگەکەی دەدام، شێوابوو، چاوەکانی سوورهەڵگەڕابوون، وەک ئەوەی هەموو شەوی بە گریان بەسەر بردبێت، بوارم بۆ کردەوە، وەک ئەوەی شوقەکەمی لە بەربێت، ڕاستەوخۆ هاتە ناو هۆڵەکەوە، هێشتا بە تەواوی بە ئاگا نەهاتبوومەوە، بە تەمبەڵی دوایکەوتم و وشە باوەکانی بەخێرهێنانم دەوتەوە، کاتێک بەرامبەری دانیشتم هەستمکرد نیگاکانی تاساون و جەستەشی کەمێک دەلەرزێت، بە شڵەژاوی دەستیکرد بە ڕوانین بۆئەوەی دڵنیا بێت کە بە تەنیاین. پاشان ڕاپەڕی و بە پرتاو چوو بۆ لای تەلەفزیۆنەکە، سەرمێزی ناو هۆڵەکەی دا بەسەر تەلەفزیۆنەکەدا، بە دیقەتەوە سەیری بنمیچ و دیوارەکانی کرد، پاشان نزیک بووەوە بۆئەوەی لە سەر قەنەفەکە لە تەنیشتمەوە دابنیشێت و بە چرپە وتی: قەیناکە، ئاگا لەخۆبوون پێویستە.

وەڵامم نەدایەوەو بە زەردەخەنەیەکی هاندەرانە، وازمهێنا، ئیتر دەستیکرد بە قسەکردن و تکای لێکردم کە باوەڕی پێبکەم و وەک کەسەکانی دیکە بە شێتبوون تاوانباری نەکەم، وتی ئیتر لە توانایدا نەماوە بەو شێوەیە بەرگەی ژیان بگرێت، چونکە مێردە تەڵاقدراوەکەی چاودێریی دەکات و

نوشداری هەموو جوڵەیەکیەتی تەنانەت لە ژووری نووستنەکەشیدا، بە ڕادەیەک ناچارە بە عەباوە بخەوێت، داوای لێکردم بچمە خوارەوە بۆ شوقەکەی ئەو، بۆ بینینی کامێرا چاندراوەکان لە هەر چوار لایدا، بە ناچاریی دوایکەوتم، کاتێک گەیشتینە دەرگەی شوقەکەی، پەنجەی دۆشاوەمژەی خستە سەر لێوی و داوای لێکردم بێدەنگبم، لە سەر نووکی پێ چووە ژوورەوەو منیش بە دوایدا، ماڵەکەی بە هەموو وردەکاریەکانیەوە، وەک کۆپییەکی گواستراوەی ماڵەکەی من وابوو: ئەساسەکەی، ڕەنگی پەردەکان تەنانەت تابلۆ هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەکان، تەلەفزیۆنەکەشی داپۆشرابوو... سەرسامبووم و هەستم بە هەندێک ترس کرد کە لە تێنەگەیشتنەوە سەرچاوەی دەگرت، بە چواردەورمدا چاوم بۆ منداڵەکانی گێڕا، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیانم نەبینی، لەگەڵیدا هەموو ژوورەکان گەڕام، ئەوانەی نیشاندەدام کە وایدەزانی کامێرای نهێنی و ئامێری گوێگرتنن، بەڵام من تەنیا سەرقاڵی گەڕان بووم بە شوێن هەر شتێکی منداڵە بێزارکەرەکانیدا، چەند دەقیقەیەک بە جێیهێشتم و چوو بۆ حەمام، منیش خۆم دزیەوە بۆ ژووری نووستنەکەی، ڕیکۆردەرێکی گەورەی لێبوو لە تەنیشتیشەوە چەند کاسێتێک هەبوو، بێ بیرکردنەوە دەرگەی ڕیکۆردەکەم کردەوەو کاسێتەکەی ناویم دەرهێناو لە جلەکانمدا شاردمەوەو بەرەو دەرگەکە چووم.

لە ماڵەکەی خۆم دەستمکرد بە گوێگرتن لە دەنگی منداڵەکانی لەناو کاسێتەکەدا، جارێک لە دەرگەیەکیان دەداو دەپاڕانەوە لە پێناو کردنەوەیدا، جارێکی دیکە بە دەنگی بەرز یاریاندەکردو ناوبەناو بێدەنگییەکی متی تێدابوو.

هەمان ئەو دەنگانەبوون کە ئاشنابووم پێیان کە لە شوقەی دراوسێکەمەوە دەهاتن، بەڵام بە بێ دەنگی دایکیان، کە پێدەچوو بۆ دەنگە تۆمارکراوەکانی زیاد کردبێت.

کاتێک چوومە ناو شوقەکەیەوە، سێ منداڵەکەیم نەبینی، چونکە زۆر بە ئاسانی هەر لە بنەڕەتەوە بوونیان نەبوو، بیرمکەوتەوە کە من هەرگیز نەمبینیون و هەموو زانیاریەکانیشم لەو وتە کەمانەوە هەڵهێنجاوە، کە لەگەڵ دراوسێکەماندا دەمگۆڕینەوە، کاتێک لە سەر پلیکانەکان چاومان بە یەک دەکەوت. من ئەو بیرۆکەیەم لا دروستبوو کە دایکێکە لەوانەی بە زیادەڕۆییەوە گرنگی بە منداڵەکانی دەدات، ئەویش لە بەرئەوەی لە هەموو ڕستەیەکدا کە پێیدەوتم، ئاماژەی پێدەدان، هەروەها بۆنی خواردنەکانی کە لە ماڵی دایکێکەوە دەردەچوون زۆر ئاگاداری خواردنی تەندروست بێت بۆ منداڵەکانی و بەو جلانەی هەموو ڕۆژێک بە تەنافەکەوە هەڵیدەخستن.

هەستم بە جۆرێک سۆزکرد بەرامبەری، بڕیارمدا سبەینێ بە هەر بیانویەک بووبێت سەردانی بکەم، هەرچەندە دەمزانی بە هۆی نەخۆشیی (پارانۆیا) وە کە بە ڕوونی پێوەی دیارەو هەروەها دوای دەرچوونی کتوپڕم لە شوقەکەی، ڕەنگە بە سیخوڕی مێردە تەڵاقدراوەکەیم بزانێت.

بەیانی خۆم لە بەردەم شوقەکەیدا بینییەوە کە دەکەوێتە ژێر شوقەکەی خۆمەوە، سێ جار بە سووکی لە دەرگەمدا، ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵانە کە جلێکی لۆکەیی ماڵەوەی لە بەردابوو بە خەندەیەکی پێشوازیکارانەوە دەرگەکەی لێکردمەوە، پرسیارم لێکرد لە بارەی... لە بارەی... بۆمدەرکەوت کە ناوی دراوسێکەم نازانم، ئیتر وەسفیم بۆ کردو وتم کە لەم شوقەیەدا دەژی.

ژنە پەنجا ساڵانەکە، پێڕاگەیاندم کە خۆی و کچەکە کە خوێندکاری زانکۆیە، ماوەی دە ساڵە لەم شوقەیەدا دەژین و نازانێت من باسی چیدەکەم. پێوەیدیاربوو کە سەبری لێبڕاوەو بە نیگایەکی گوماناوی لێیدەڕوانیم، بۆیە داوای لێبوردنم کردو بە شەرمەوە ڕۆیشتم.

*

ماوەیەک بوو چاودێریی ئەو ژنە ڕەفتار نامۆیەم دەکرد کە لەو شوقەیەی سەر شوقەکەمدا دەژیا، بێئەوەی قسەی لەگەڵ بکەم، وا ڕێکدەکەوت هەر

کات ناکاتێک لە سەر پلیکانەی تەلارەکە ببینم، بەردەوام بە پەلەبوو، بە ڕاکردن بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت یان دادەبەزی، وەک ئەوەی یەکێک ڕاوی بنێت.

ژنێکی نزیک سی ساڵانە بە جەستەیەکی لاوازو شێوەی نەرمەوە، قژە درێژەکەی بە سەر شانیدا پەخشکردووەو جلی کورت و پێڵاوی زۆر بن بەرز لە پێ دەکات.

لە سەرەتاوە خۆم لێلادەدا، چونکە کەمێک ناسەنگین دەهاتە پێشچاو، لە جارێک زیاتر گوێم لێبووە لە بەرخۆیەوە قسەی کردووە لە کاتی هاتنە خوارەوە یان سەرکەوتنیدا، کە لە سەر پلیکانەکان دەمبینی، تەنیا بەیانی یان ئێوارە باشم لە گەڵیدا دەگۆڕییەوە، ئەویش بێئەوەی سەیرم بکات وەڵامی دەدامەوەو لە بۆڵەبۆڵەکانی خۆی بەردەوام دەبوو.

دەکرا ئەویش وەک دراوسێکانی دیکە بوایە بۆ من، چونکە ناهاوسەنگیی تەنیا تایبەتە بە خۆیەوە مادامەکی بێئازارو نا توندوتیژە، بەڵام من ئیتر بێزارییم لێدەرکەوت بەرامبەر ئەو هەموو هەراوهوریا بەردەوامەی لە شوقەکەیەوە دەهات، هەرچەندە دەشمزانی بە تەنیا نیشتەجێیە، بەڵام بە هۆی گریانی منداڵی بچووک و شەڕو هەراوە، بەردەوام شیرەشیر دەهات... دەنگی ژنەکەش وابوو کە دایکیان بە شێوەیەکی بەردەوام لێیاندەدات.

کاتێکیش لای پاسەوانی تەلارەکە شکاتم لێکردو پێموت کە بێزاریی دراوسێکانی پێڕابگەیەنێت لەو دەنگە بەرزانەی شەو و ڕۆژ لای ئەوەوە دێن، کەچی سەرسامبووم کاتێک پاسەوانەکە پێیوتم کەوا خودی دراوسێ ناهاوسەنگەکەم شکاتی ئەو دەنگە دەنگەی لێکردوم کە دڵنیایە لە شوقەکەی منەوە دێت!

ڕۆژێکیان لەوەدابووم سەربکەومە سەرەوە بۆ لای تا بێزاری خۆمی بۆ دەرببڕم و پێیبڵێم کە بە هۆی دەنگە دەنگی ئەوەوە نەمتوانیوە بنووم، بەڵام ئەوەندەمزانی ئەو لە دەرگەکەی دام بۆ ئەوەی پرسیارم لێبکات لە بارەی ژنێکی جەستە لاوازی عەبا بەسەرەوە، کە وایدەزانی لە شوقەکەی مندا نیشتەجێیە.

کاتێک بینیم ئەو درۆ ساویلکانە هەڵدەبەستێت، تووشی سەرسوڕمان بووم، چونکە ژنە عەبا بەسەرەکە تەواو بەو دەچوو، بە ئەندازەیەک کە بۆ یەکەمجار بینیم وامزانی جمکیەتی و لەگەڵیدا نیشتەجێیە، بەڵام دەرگەوانەکە پێیوتم کە بۆ یەکجاریش ئەو دوانەی بەیەکەوە نەبینیوەو ئەو پێیوایە کە هەردووکیان یەک کەسێتین.

دانمبەخۆمدا گرت و بەوەندە وازمهێنا پێیبڵێم کە من لێرە لەگەڵ کچەکەمدا ماوەی دە ساڵە نیشتەجێین و هیچ شتێکیش نازانین لە بارەی ئەو ژنەوە کە پرسیاری دەکات، کە ئەوەی لە من بیست، سەرسامییەکی ڕاستەقینەی پێوە دیاربوو، لەوەدا بوو پرسیاری دیکەم بەرەو ڕوو بکاتەوە، بۆیە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەویستانەی دەستکردەوە، دەرگەکەم گرت وەک ئەوەی بمەوێت دایبخەم، ئیتر ئەو بە شەرمەوە ڕۆیشت.

*

ڕاستیەکەی نازانم کێ گەیاندمیە ئەم شوێنە قێزەونە، بەڵام پێموایە کە ئەو هەلوەسەکارە عەبا ڕەشەی دەموچاوێکی ناسکی هەیە، پەیوەندی بە مەسەلەکەوە هەیە، یان ڕەنگە ئەو ژنە پەنجا ساڵەبێت کە بینیم لە بری ئەو لە شوقەکەدا نیشەجێیە.

دەمەوێت سەرلەنوێ بگەڕێمەوە بۆ ناو ماڵ و کارەکەی خۆم، جارێکی دیکە کەس بێزارناکەم، هەرچەندە دڵنیان لە جاری یەکەمیشدا کەسم بێزار نەکردووە، بۆچی باوەڕیان پێنەکردم کە پێموتن ژنە هیستریەکەی نیشتەجێی ئەو شوقەیەی ژێر شوقەکەی منە کە بێزاریان دەکات؟ بوونی عەباو جلی منداڵەکانی لە کانتۆری جلەکانی مندا هیچ شتێک نا سەلمێنێت، پێویستە بڕوام پێبکەن، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە مێردە تەڵاقدراوەکەیەوە، کە منداڵەکانی بە پشتی دادگا لێسەندووە بۆئەوەی پێیان بسەلمێنێت کە ئەو شێتە نەک من.